# مالْئاوا ئەی کەرکوکی دڵ و قودس مالْئاوا!

بەختیار کەریم

کێشەی کەرکوک یەکێکە لە گرنگترین کێشە چارەنووسسازەکانی کورد. سەرەڕای ڕەهەندی ناوچەیی، کەرکوک ڕەهەندی نێودەوڵەتیشی هەیە. بەڵام وەک خوێنەری کورد بەگشتی و کەرکوکییەکان بەتایبەتی باش دەزانن، سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لە چوار ساڵی پاش داگیردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە هیچیان نەکردووە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە، بێگومان جگە لە چاوبەستکردنی دانیشتوانی کوردستان و درۆکردن لەگەڵیاندا. لە ئێستادا کەرکوک ئاشی نەزانە و کەس نییە بیگێڕێت، دیارە لە سایەی حەزرەتی بیلْ گەیتدا خوداش باوەڕی بە ئاشەوانی نەماوە. هەر لە سەرەتاوە ئەم سەرکردایەتییە کەروڵاڵە لەوە هۆشیارکرانەوە کە بەیاساییکردنی کێشەی کەرکوک، دۆڕاندنییەتی، بەڵام کێ کەڕولای بینیوە گوێبگرێت؟ (لەگەڵ ڕێزی زۆرماندا بۆ مرۆڤی کەڕولاڵ لێرەدا تەنها وەک مێتافۆرێک ئەو وشەیە بەکاردەبەین). بەڵام ئێستا ئەو وشکەکەڵەکە یاساییەی ناوی ماددەی سەدوچلە خەریکە هەرەس دەهێنێت و کەرکوکیش دەبێتە بەشێک لە مێژوو. ئەوەی ئەم سەرکردایەتییە حیزبییە لێرە و لەوێ دەیڵێن، دادنپیانانێکی شەرمنانەیە لە دەست شوشتنیان لە کەرکوک. ئەم دەستشنەی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی مەرج نییە بەواتای کۆتایی داوای ئێمە بێت بۆ گەڕانەوەی کەرکوک، بەڵام بێگومان گورزێکی پشتشکێن دەدات لە دۆزی کورد بەگشتی و لە دانیشتوانی خۆشی نەدیوی کەرکوک بەتایبەتی.

سەرەتا ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا بۆ نووسین لەسەر کەرکوک، وتارێکی نوێنەری یەکێتی لە تورکیا (بەهرۆز گەلاڵی) بوو بە ناونیشانی (ئەگەر دەستوبرد نەکەین کێشەی کەرکوک بەهەڵپەسێردراوی دەمینێتەوە)([1]). ئەم نوێنەرەی یەکێتی کۆمەڵێک پێشنیاری خستۆتە بەردەست کە لە ڕاستییدا شایانی بەزەییهاتنەوەیە، دواتریش ئەم نووسینەی بەهرۆز و بێدەنگی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی (لەپاش هەڕەشە و چاوسووورکردنەوەکانی کۆنۆدۆلیزا ڕایزەوە) لەسەر مەسەلەی کەرکوک ئاماژەیەکن بۆ دەستبەرداربوونی ئەم سەرکردایەتییە حیزبییە گەندەڵە لە کەرکوک و ڕازیبوونیان بە دواخستنی چارەسەری کێشەکە. هەر هەڵواسین و دواخستنێکی ئەم دۆزەش جۆرێکە لە ماڵئاواییکردن لە کەرکوک و پشتکەهڵکردنە لەو ڕێتۆریکە شۆڕشگێڕانەیەی نزیکەی نیو سەدەیە حیزبە کوردییەکان بەرزیان کرۆتەوە. بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت بۆچی ئێمە پێمانوایە کە پێشنیارەکانی بەهرۆز شایانی بەزەیین، هاوکاتیش ڕەنگدانەوەی نەشارەزایی سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکانن، لێرەدا سەرنج لەو پێشنیارە عەنیتیکانەی نوێنەری یەکێتی لە تورکیا دەدەین.

بەهرۆز دەنووسێت:

لەناو خۆمان یەکێتی و پارتی بەیەک هەڵوێستی جدی و یەکگرتو لەسەر ئاستی بەرز کار بۆ ئەومادەیە بکەین. لەگەڵ ئەمەریکاو بەریتانیا قسەبکەین. هەرچی توانای هەمانە لەهەموڕوێکەوە

---

[1] بۆ بینینی وتارەکەی (بەهرۆز گەلاڵی) بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/11/bahrozGalalai28.htm

بیخەینە گەڕ بۆڕازیکردن  و بەدەستهێنانی پشتیوانیان لەمادەی سەدو چل. وە هەر کارتێکی کورد لەدەستییەتی بیخاتە گەڕ بۆخزمەتی ئەومادەیە.....

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە کۆمەڵێک ئاماژەی سامناکیان تێدایە کە لێرەدا بەکورتیی لەسەریان دەدوێین. سەرەتا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تا ئێستاش پارتی و یەکێتی یەک هەڵوێست نین و جدی نەبوون لەکارکردنیاندا بۆ کەرکوک. بێگومان ئەمە شتێکی نوێ نییە، بەڵام دەشێت دانپیانانێک بێت لەلایەن کەسێکی حیزبییەوە، کە دەشێت دواجار نانبڕاوی بکەن. هەمووومان دەزانین حیزبی کوردی ڕێگە بە ئەندامانی نادات ڕاستگۆیانە بدوێن. ئاماژەیەکی دیکە، قسەکردنە لەگەڵ ئەمریکا و بریتانیا و بەدەستهێنانی پشتیوانیانە بۆ ماددەی سەدوچل. پێش هەموو شتێک خۆشخەیاڵییەکی کەمەرشکێنە پێمان وابێت ماددەی سەدوچل کێشەی کەرکوک چارەسەر دەکات. پاشان چما ئەمریکا و بریتانیا دوێنێ عێراقیان داگیرکرد، یان چوار ساڵ لەمەوبەر؟ ئەدی ئەو چوار ساڵە سەرکردایەتی حیزبەکان چیان کردووە، ئەی ئەو هەموو بانگەشەیە بۆ هاوپەیمانی کورد و ئەمریکا چیان لێهات؟ ئەگەر سەرکردایەتی کورد لە ڕۆژی یەکەمی داگیرکردنی عێراقەوە نەیتوانبێت، کەناڵێک بۆ گفتوگۆ و باسکردن لە مەسەلە چارەنووسسازەکان لەگەڵ ئەمریکادا بدۆزێتەوە، ئەمڕۆ کە ئەمریکا کەپووی شکاوە هیچ شتێک دادی ئەم سەرکردایەتییە فەرشفرۆشە نادات. ئەمریکا ئەمڕۆ نەک بەتەنها شەڕی عێراقی دۆڕاند و ئێمەی کوردیش دەبینە یەکەم قوربانی ئەو دۆڕانە، بەڵکو ئەمریکا توانای سیاسی نەماوە بۆ چارەسەرکردنی هیچ کام لە کێشەکانی عێراق. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر بەهرۆز پێمان ناڵێت کورد چ کارتێکی لە دەستدایە تا بیخاتە کار؟

بەهرۆز بەردوام دەبێت:

2- لەگەڵ حکومەتی مالیکی بەجدی قسەبکەین. ئاخۆحکومەتەکەی مالیکی  ئیرادەی سیاسی هەیە، ئەو ماددەیە جێبەجێبکات! یان ئەویش وەکو جەعفەری فەرداو پەسفەردامان پێدەکات ؟

ئەگەر ئەو حکومەتەی زۆنی سەوزمان وەک حکومەت قبووڵکرد، کە وەزیرەکانی ناوێرن لە باڵەخانەکانیان بچنە دەرەوە، ئەوا دەبێت ئەوەمان لەبیربێت کە چارەکێکی وەزیر و گزیرەکانی حکومەتەکەی مالیکی کوردن. کورد بەو پێیەی بەناو سەرکردایەتی کورد پێمان دەڵێن، بەشدارییەکی چالاکی هەبووە لە "بونیاتنانەوەی عێراقی نوێ"دا، کەچی کادری حیزبێکی زەبەلاح و دەوڵەمەندی وەک یەکێتی تازە بە تازە پێشناری ئەوەمان بۆ دەکات کە با لەگەڵ ئەو حکومەتەدا قسەبکەین! ئەم گرێکوێرەیە بە کێ دەکرێتەوە، خۆت بەشێک بیت لە حکومەت، کەچی تا ئێستا قسەت لەگەڵ حکومەت نەکردبێت. هەر بەڕاست دەڵێن سەرۆک کۆماری عێراق کوردە؟ چما ئەو سەرۆکایەتییەی جەلال تاڵەبانی، ئەوەندەی پەڕی قەلەموونێک باری لاری کوردی سەنگین نەکردووە؟ وەڵامی ئەمانە بەجێدەهێڵم بۆ خوێنەری زرنگ.

بەهرۆز درێژەی پێدەدات:

3- لەگەڵ تورکیا و ئیران بەڕەسمی و نا ڕەسمی لەسەر کێشەی کەرکووک  ڕاشکاوانە قسەبکەین. وەفدیکی  ڕەسمی و هاوبەشی یەکێتی وپارتی بێت بۆ ئەم مەبەستە  سەردانی تورکیا و ئیران بکات. هەوڵی ئەوەبدەین تورکیاو ئیران تێبگەیەنین کەگەڕانەوەی کەرکووک بۆسەرکوردستان

ماناى دروستبونى دەوڵەتى كوردستان ناگەيەنى. وە ناشبێتە جێگاى مەترسى  لەسەر ئاسايش و پچرپچڕكردنى وڵاتەكانى  ئەوان.

گەلۆ ڕێگەم بدەن ڕاشكاوانە بدوێم. ئەم پێشنيارەى سەرەوە منداڵێكى شەشى سەرەتايى بيكات، مامۆستاكەى داخڵى بەكەلۆرى ناكات. ئاخر كوردێك هەيە نەزانێت كە توركيا نەك ددان بە هەرێمى كوردستاندا نانێت، بەڵكو ڤيزەش نادات بەو بازرگانانەى بەناوى هەرێمى كوردستانەوە دەچن بۆ كڕينى ئاوى توركى بۆ شكاندنى تونێتى پەرلەمانتارە دەموشك و بێدەنگەكانمان. ئيتر چۆن توركيا قسە لەگەڵ پارتى و يەكێتى دەكات كە كەركوك بخرێتە سەر هەرێمى كوردستان؟ سەير لەوەدايە كە ئەم پێشنيارە لە زارى كەسێكەوە دێت كە نوێنەرى يەكێتييە لە خودى توركيا!

لەگەڵ توركيا "بەڕاشكاوانە" قسەبكەين يان بە "ڕاكشاوانە"، كوڵى حوشتر هەر لە كوڵى خۆى دەبێت. ئەگەر گريمان توركيا ئامادەبوو لەسەر ئەم كێشەيە لەگەڵ حيزبە كوردييەكان بدوێت، كێشەى كەركوك كاتێك بووە بەشێك لە دانووستانى سەركردايەتى پارتى و يەكێتى لەگەڵ توركيا، كەركوك دەبێتە كێشەيەكى هەرێمى و ڕەهەندە ياساييە عێراقييەكەى لەژێر سايەى دەستورى عێراقدا لەدەست دەدات، ئەمەش شتێكە كە بەهرۆز هۆشداريمان دەداتێ كە دەبێتە هۆى لەدەستچوونى كەركوك. ئەم دژوارييەى لە تەنها دوو لاپەڕە نووسينى سياسييەكى حيزبيدا دەيبينين، بەرجەستەى كار و كرداى دژوارى ئەم چەند ساڵەى سەركردايەتى ئەم دوو حيزبەمان بۆ دەكاتەوە. لەڕاستييدا زۆر سەيرە كە نوێنەرى يەكێتى لە توركيا نازانێت، كە نيگەرانيى توركيا لە گەڕانەوەى كەركوك تەنها لە دروستبوونى دەوڵەتى كوردى نييە، بەڵكو بەشێكە لە خولياى فراوانخوازى توركيا لەناوچەكەدا. وێڕاى ئەوەش زۆر بە قووڵى تێكەڵ بەو شتە كراوە كە پێى دەڵێن "بەرژەوەنديى نەتەوايەتى توركيا". هاوكات ئەگەر گريمان تەنها ترسى توركيا لە دروستبوونى دەوڵەتى كوردستان بوو، با بەهرۆز و هاوەڵە حيزبييەكانى پێمان بڵێن چۆن توركيا و ئێرانمان بۆ دڵنيادەكەنەوە كە دەوڵەتى كوردستان دروست نابێت؟ چۆن توركيا متمانە بەم سياسيانە دەكات؟ ئەگەر ئەوەندە ئاسانە بۆچى لە چوار ساڵى ڕابوردوودا، كە پێگەى كورد پتەوتر بوو، ئەمەيان نەكردووە؟ يان ئەمەش خەنجەرێكى نێو كالانە و ئەم سياسيانە بۆ ڕۆژى ڕەشيان هەڵگرتووە؟

بەهرۆز لە كۆتاييدا دەڵێت:

4- ڕاگەياندنەكانمان پێويستە لێرە بەدواوە بەتەواوى موخاتەبەى شەقامى توركى و فارسى و عەرەبى دەربارەى بەعەرەبكردنى شارى كەركوك،ئەنفال،كيميابارانى هەڵەبجەوكوردستان بكەن. هەفتانە سێ بەرنامە  لەهەموو سەتەلايتەكورديەكان بەناوى تەعريبكردنى كەركوك،ئەنفال، كيميابارانى هەڵەبجەو كوردستان بەهەرسێ زمانى توركى، فارسى و عەرەبى ئەنجامبدەن. . كورد هەموى دەزانێ ئەنفال و تەعريب و كيمياباران چييە. ئێمە هەر بۆخۆمان قسەنەكەين. بەڵكو نوسەرو ڕژنامەنوس و سياسەتمەدارو ڕۆشنبيرەكانى( تورك و فارس و عەرەب ) بۆ ئەو بەرنامان داوەت بكەين و لەسەر ئەو مەسەلانە حيواريان لەگەڵدا دروست بكەين و  بۆ ميللەتەكانى ئەوان  قسەبكەين كەنازانن حكومەتەكان و ڕژێمەكانيان چيان بەرانبەر كوردكردووە وە دەيانەوێ لەداهاتوشدا چى بكەن.

ئەم پێشنیارە وامان پیشان دەدات کە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتانە ئەوەندە نەزانن ئاگایان لەوە نییە کە کورد تەعریب و کیمایاباران کراوە، هاوکاتیش زۆر بە ئاسانیی سەتەلایتە کوردییەکان، کە کوردیش تاقەتی سەیرکردنیانی نەماوە، دانیشتوانی ئەم وڵاتانە دەکاتە تایبەتمەند لە بوارەکانی تەعریب و ئەنفال و پاش چەند رۆژێک لە پەخشی ئەم بەرنامە هەزلییانەی سەتەلایتەکانی پارتی و یەکێتی دەرژێنە سەر شەقامەکان و دەڵێن بەڵێ بۆ کوردستانیبوونی کەرکوک! سەیر لەوەدایە ئەم نوێنەرەی یەکێتی ئاگای لەوە نییە کە لە سایەی دزی و چەتەیی پارتی و یەکێتیدا، تەلەڤزیۆن و رۆژنامەکانی پارتی و یەکێتی دڵی منداڵێکی کوردیان پێ رازی ناکرێت، ئیتر با لە تورک و فارس بگەڕێین.

ئەگەر کەسێک شەوانی شەممە تەماشەی تەلەڤزیۆنی یەکێتی بکات، گەدە و رۆحی بەژان دەکەوێت. جگە لە بەرنامەی عەرەبی کە بەشێکی زۆری بەرنامەی سەتەلایتەکانی پارتی (کە بەهەڵە ناویان ناوە کەناڵی کوردستان) و یەکێتی (کە بەهەڵە ناویان ناوە کەناڵی کوردسات، کە دەبوایە هێرۆسات یان جەلالسات بووایە)، بەرنامەی تورکی و فارسیش هەیە. لۆجیکی ئەمە چییە؟ مەگەر ئەو حیزبە عەنتیکانە بزانن کە ئەم سەتەلایتانە بەڕێوەدەبەن. پاشان جگە لە کورد کێ سەیری ئەم بەرنامانە دەکات؟ ئەگەر چەند مرۆڤێکی تورک و فارس ئەم بەرنامانە ببینن، چی لە سیاسەتی دەوڵەتەکانیان دەگۆڕێت؟ دەبووایە بەهرۆز زۆر باش بیزانییایە کە لیبراڵترین نووسەری تورک دان بە کوردستانیبوونی کەرکوکدا نانێت، ئیتر ئاسنی سارد کوتان چەکوش نادادەتە دەستی هیچ ئاسنگەرێک.

لەکۆتاییدا گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە لە ماڵئاوا لە کەرکوکی دڵ و قودس، مەبەستمان لە ماڵئاوایی پارتی و یەکێتییە لەو شارە، لە شکستخواردنی ئەم دوو حیزبەیە لە کێشەی کەرکوکدا، نەک ماڵئاوای ئێمەی دانیشتوانی کوردستان بێت لەو شارە کودستانییە. هیچ ئومێدێک نەماوە بەوەی کە ئەم دوو حیزبە چارەسەری کێشەی کەرکوکیان بۆ بکرێت. چۆن پارتی و یەکێتی کە خەریکن دەبنە دوو گروپی مافیایی چارەسەری کەرکوکیان پێدەکرێت، لەکاتێکدا ئەوان خەریکە هەموو سیماکانی حیزببوون و کوردبوونی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە دوو کۆمپانیای بەدرەوشت. ئەگەر تروسکاییەک بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک مابێت، ئەوا بێگومان لە دەرەوەی ئەم دوو کۆمپانیایەدایە.

تێبینی: دێرەکانی بەهرۆزمان وەک خۆی و بەبێ دەستکاری نووسیوەتەوە، لەبەرئەوە ئێمە بەرپرس نین لە هەڵە رێزمانی، زمانەوانی و رێنووسییەکانی ئەو. هەرچی هەڵەکانی دیکەیە ئێمە بەرپرسین لێی.

28/11/2006

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند